فوئاد حوسێن و کاربەدەستێکی ئەمریکا پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق تاوتوێ دەکەن



وەزیری دەرەوەی عێراق لەگەڵ کاربەدەستێکی ئەمریکا لە بەغدا کۆبوونەوە، تێیدا هەردوولا باسیان لە دواین پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنفرانسی هاوپەیمانی نوودوونەتی دژی تیرۆر لە سعودیە کرد، هاوکات جەخت لەسەر پاراستنی دامەزراوە دەستوورییەکان کرایەوە.

فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق، پێشوازی لە جوشوا هاریس، کاربەدەستێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا تەوەرەکی سەرەکی گفتوگۆکان تایبەت بوو بە ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنفرانسی ریاز کە تایبەتە بە هاوپەیمانی نوودوونەتی دژی تیرۆر.

وەزیری دەرەوە تیشکی خستە سەر گرنگیی ئامادەیی و بەشداریی لایەنی ئەمریکی لەو کۆنفرانسەدا بۆ بەهێزکردنی هەوڵە نوودوونەتییەکان لە پێناو بنبڕکردنی مەترسییەکانی تیرۆر لە ناوچەکەدا.

لە بەشکی دیکەی کەبوونەوەکەدا، هەردوولا تاوتوێی ڕەوشی پێکهێنانی حکوومەتی فیدراڵی عێراقیان کرد.

فوئاد حوسێن و جوشوا هاریس نێخشەی سیاسی و هەوەستی جیاوازی لایەنەکانیان سەبارەت بە پرسەی سیاسی خستە بەر باس.

لەم چوارچێوەیەدا جەخت لە گرنگیی پاپشتیکردنی سەقامگیریی عێراق و پاراستنی شکۆی دامەزراوە دەستوورییەکان کرایەوە، بە جۆرێک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی عێراق بکات.